عەبدوڵڵا سەمەدی

## کە ڕۆیشتی

کە تۆ هاتی، پڕیشکێك تیرێژ و هەناسەیەك شنەت کردە میوانی تاکە هۆدەی کروشم هەڵاتووی دوورەپەرێزی ئاواییم. کە تۆ هاتی، بۆ یەکەمجار دەستی شادی دەرگای ژەنیم؛ بۆنی بەیانم هەڵمژی و گزینگ شووشەی پەنجەرەی ئەنگاوتم.

ئیدی دەنگی ژیان بوو دەلەرایەوە و خوڕەی ئاو بوو گۆرانی دەگوت. لە گوێسوانەوە تاڤگەی جریوە دەڕژایە بەرهەیوانم و لاولاو و هێرۆ بە سواغی دیوارەکانا هەڵدەچوون.

چ کورت بوو تەمەنی ئەو ڕۆژە و چ بە لەز دەشتی ئاسمانی پێوا، خۆر!

کە زەردە، دوایین هەنگاوی گردی پشت ماڵانی بڕی، تۆ پەڕەسێلکەیەکی کۆچەری بووی و تیژ ڕۆیشتی. تەنیا ئاورێك لە چاوەکانمدا مەیی، و دەنگێك لە گوێچکەمدا بەستی. شەوم تەنگەنەفەسێکی تاریکی بوو و خەوم دایکێکی نەبان. بەیانی هاتمە بەر هەیوان؛ تاو کەوتبوو. لاولاو وەکی پەتێك بە دەم گوڵە کاغەزەکانی هێرۆوە هەڵواسرابوو.

چۆن دەتوانم بڕوا بکەم، ئەم گۆڕستانی گەڵایە هەمان فەڕشی چیمەنە کە دوێنێ تیشکی خۆر و باڵندەکانی میوان بوو؟!

دەڵێن هەستانەوەیەك هەیە.

ئەویندار و ئومێدەوار، وەکی گوڵەبەڕۆژەیەك بە پێشوازیی ڕۆژەوە چووم. تا دوورەدەستەکانی ئاسۆ لە ڕۆژئاوا، بەڕێم کرد و پێبەپێی ئەستێرەکان لە بێدەنگی و وسکوتی شەوا چاوەڕوانی سبەینێ مام.

بەیانیان هەڵدەستام؛ خۆر لە ئاوابووندا بوو! سەرم بە ئەستوونی بەرهەیوانەوە دەنا و تێمدەڕوانی و بە ئاواتی گەڕانەوەکی ڕوون، چەند مرواریم لە دوا دەڕشت. ساڵم بووبە سێ وەرز. بە ڕەزبەر دەستی پێدەکرد و بە سەرماوەز کۆتایی دەهات. نەخاکەلێوە، نە بانەمەڕ! نە کازێوە، نە گزینگ!

ئێستاش بەیانییەکی خەزەڵوەرە و تاك و تەنیا لە بەر هەیوان، نیگام لە تاڵە زەردەکانی ڕۆژپەڕ گرێداوە. خۆر و پەڕەسێلکەیەکی دوورە دەست لە ئاسۆوە خەریکی ڕۆچوونن. هیواش گوڵە هێرۆیەکی کاغەزیی ڕەنگ پەمەیییە و سەری بە شووشەی تۆزگرتووی پەنجەرەمەوە ناوە و لە ژووری چۆل دەڕوانێ.